# لەمەراسیمێکدا و لە یادی چوارەمین ساڵیادیدا

# گۆڤاری لڤین بۆ یەکەمجار ((پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنوسی)) خۆی راگەیاند

سەرلەئێوارەی رۆژی سێشەممە 2006/11/21 لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنوس و رۆشنبیران و بەرپرسانی حزبی و حکومی لە چوارەمین ساڵیادی خۆیدا، گۆڤاری لڤین بۆ یەکەمین جار لە کوردستاندا پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنوسی راگەیاند کە بەرێز م.هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای بەشی رۆژنامەنووسی لە زانکۆی سلێمانی دارِشتنەوە و گەلاڵەکردنی گرتبویە ئەستۆ.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا خەڵاتی جوانترین چاوپێەوتنەکانی گۆڤاری لڤین درایە بەرێزان (ئیبراهیم ئیسماعیل و ئەحمەد میرە و هەردی مەهدی و هێمن باقر و ئاوات عەبدولا )، لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا خەڵاتی رێزلێنان و هاوکاری درایە چەندین رۆشنبیر و رۆژنامەنوسی دیار کە بە تواناکانیان هاوکاری گۆڤارەکەیان کردوە.

جێی ئاماژەیە گۆڤاری لڤین چوار ساڵ لەمەوبەر ژمارەیەکی کەوتە بەردیدی خوێنەران و تا ئێستا 46 ژمارەی بێ دابرِان مانگانە دەرچووە، یەکێکە لەو گۆڤارە دیار و ناوازانەی کە خوێنەرێکی تایبەت و جدی هەیە و جێگەی رەزامەندی زۆرێك لە رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و خوێنەرانیەتی، بەهۆی پیشەیبوون و راستگۆیی و بەدواداچوون و ئەو شێوازە رەخنەگرانەیەی کە گۆڤارەکە گرتویەتیەبەر.